# ڕێکخراوی مەدەنی «NGO» و کورد!

**برایم فەڕشی**

گرفتێکی ڕێکخراوی مەدەنی کە کاری گرنگ لە بواری ژینگە، فێربوونی زمان، فێربوونی مۆسیقا، وەرزش، هونەر، ئەدەبیات و  فیلم و شانۆ دەکەن، بوونی تاکی لایەنگری حزبەکانە کە حزبی و ئیدئۆلۆژیک دەجووڵێنەوە و ئەم ناوەندانە دەخەنە مەترسییەوە. گەلێک هونەرمەند، شاعیر، نووسەر، ئاکادیمیسیەن و کارسازی ناوخۆی وڵات زۆر جار ئەم بابەتەیان لای نووسەری ئەم دێڕانە باس کردووە. ئەم دیاردەیە لە ڕاپەرینی ژینا زەق و بەرچاو دەرکەوت، کە پڕۆپاگەندە بۆ حزب و کەسایەتییەکانی گرنگتر لە ڕاپەرینێکی مەدەنی خەڵک هاتە بەرچاو. تێنەگەیشتن لە خەڵک، مافی خەڵک، بوار و بارودۆخی سیاسی و بەرپرسیارەتی، ناتەبایە لە تەک تاکڕەویی و حزبایەتیی ناو ڕێکخراوی مەدەنی!

**[۱]**

ڕێکخراوی مەدەنی، دەزگایەکی نادەوڵەتیی سەربەخۆیە و لە لایەن خەڵکەوە بۆ پاراستنی مافی هەمەلایەنەی ئینسان، مافی زیندەوەران، ژینگە و باشترکردنی ژیان ساز دەکرێ. ئەم ڕێکخراوانە لە ڕێگای پارەی ئەندامەتی، یارمەتیی ماڵی، خۆیان بەڕێوە دەبەن. هەرچەند لێرە و لەوێ پێوەندیی کاری و ئیداری و دەوڵەتی و پشتگیریی ماڵی هەبێ، بە مانای ژێر سوڵتەبوونی ڕێکخراوەکە نییە و قانوون پشتگیریی ماڵی بەو ڕێکخراوانەی سەلماندووە

ڕێکخراوی مەدەنی دوور لە گرێدراویی حزب، کڵیسە، ئایین، ئیدئۆلۆژی دەمێنن و ناکەونە ژێر ئاتۆریتەی ئەوان. تەنیا بەو چەشنە دەتوانن کاری سەربەخۆ و دوور لە دەستتێوەردان بەڕێوە بەرن. ئەوان خۆیان پلان دادەڕێژن و بەڕێوەی دەبەن و داهات و خەرجییان لە ئەستۆی خۆیانە و دەزگای ماڵی و ئابووری بۆ قازانجی ماڵی و مادی نین. ئەوەی بیروباوەڕی بەشداربووان چی بێ و لە چ بازنەیەکی فکریدا بن، بڕیاری خۆیانە، بەڵام ئەوکاتەی کەوتنە ژێر بیر و ئیدئۆلۆژی و سیاسەتی هەر لایەنێک، لە بازنەی ڕێکخراوی مەدەنی دەردەچن. چالاکیی ئەوان بواری فەرهەنگی، هونەری، ئەدەبی، فێرکاری، وەرزشی، بەڕێوەبردنی سمینار، ورکشاپ و فرە کاری تر دەگرێتەوە. بوونی ڕێکخراوی مەدەنی بۆ کۆمەڵگا گرنگە و زۆربوونیان هێزێکە، دەتوانێ کارتێکردنی لەسەر سیاسەتی هەر وڵاتێک هەبێ.

**[۲]**

ئەو ڕێکخراوانە کاتێک بکرێنە پاژگەڵی دەوڵەت، حکومەت، حزب، ئایین و ئیدئۆلۆژی، مەترسیی بۆ خەڵک و کۆمەڵگا دەخوڵقێنن، هەروەک چۆن لە ئاڵمانی سەردەمی نازی بوونە هاودەستی حزب، حکومەت و بەشدار لە جێبەجێکردنی سیاسەت و ویستی حزبی ناسیۆناڵ سۆسیالیست و حکومەتی هیتلێر.

بەرەی کرێکارانی ئاڵمان die Deutsche Arbeitsfront (DAF) ، یەکیەتیی ژنان، ڕێکخراوی خزمەتگوزاری Reichsarbeitsdienst (RAD) ، ڕێکخراوی ناسیۆناڵسۆسیالیتی ئاڵمان بۆ خزمەتگوزاری Nationalsozialistische Volkswohlfahrt (NSV)، ڕێکخراوی ناسیۆناڵسۆسیالیستی لێخوڕانی ماشێن Nationalsozialistisches Kraftfahrerkorps (NSKK)، ڕێکخراوی لاوانی هیتلێر Hitlerjugend (HJ)، ڕێکخراوی کچانی ئاڵمانی Bund Deutscher Mädel (BDM) بەشێک لەو «ڕێکخراوە مەدەنی»یانە بوون، کە وەک دەزگاکانی فاشیسم بەکارهێندران.

**[۳]**

سازکردنی «ڕێکخراوی مەدەنی» بە مەبەستی ڕێکخستنی چین و توێژی ناو کۆمەڵگا پاش دامەزراندنی بلۆکی سۆسیالیستی پەرەی ستاند و سیستەمێکی ژێر کۆنترۆڵی حزبی کۆمۆنیست و حکومەت بوو. حزبی کۆمۆنیستی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا ئەم چەشنە لە «ڕێکخراوی مەدەنی»یان هێنایە ناو کوردستان. یەکەم حزبی کورد کە لەژێر کارتێکەریی حزبی توودەی ئێران دەزگایەکی لەو چەشنەی لە شاری مەهاباد ساڵی ۱۳۲۹(۱۹۵۰) دامەزراند، حزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کە ڕۆژنامە و گۆڤاری حزبی توودەی ئێرانیان دەفرۆشت و لەژێر ئاتۆریتە و بەرنامەی ئەواندا کاریان دەکرد.

حزبەکانی کورد لە مرۆڤی ژێر سیستەمی «پەروەردە»، فەرهەنگ، ئەخلاق، سیاسەت و تێگەیشتنی هەر کام لە وڵاتانی ئێران و عێراق و سوریا و تورکیا پێک هێندراون. ئەوان لەو سیستەمانە دانەبڕاون و سیستەمی تێگەیشتنی جیاواز لەوانیان پێک نەهێناوە . قەیرانی فکری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی ناو ئەو وڵاتانە و قەیرانی حزبەکانیان، بەسەر ئەوانیشدا زاڵە و سازکردنی بەناو دامودەزگای مەدەنی لە لایەن ئەوانەوە،

جیاوازیـــی بنەڕەتیـــی فکری و تێگەیشـــتنی لەگەڵ ئەو لایەنانـــە نییە، هەربۆیە ڕێکخراوی حزبـــی و «مەدەنـــی»ی ئـــەوان، نەبوونە هۆی بەخەڵکیبوونی دامودەزگاکانیان لە کوردستان.

**[۴]**

لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لە ســـاڵی ١٩٥٠ هەتا ســـاڵی ١٩٧٩ کـــۆڕ و کۆمەڵی هونەری لە شـــارەکانی کوردســـتان لەژێـــر کۆنترۆڵی وەزارەتـــی فەرهەنگ و هونـــەر، کاخ و خانەی جەوانـــان، کانوونی کودەک و نەوجەوان، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و وەزارتی ئاموزش و پەروەرشـــدا بوون. کۆڕ و کۆمەڵی وەک تیپی شـــانۆی لاو کە لە شـــاری بۆکان ساڵی ١٩٧٣ پێک هات، کارێکی دەگمـــەن بوو کە بەردەوام تووشـــی کێشـــە لەگەڵ ئیدارەی فەرهەنـــگ و هونەر، ئاموزش و پەروەرش و ساواک دەهاتن و ساڵی ١٩٧٥ کەوتنە بەر هێرشی ساواک.
پاش مەرگی عەزیز یۆســـفی و خۆپیشـــاندانی کاتـــی ناشـــتنی لە بەهـــاری ســـاڵی ١٩٧٨ کوردســـتان بارودۆخێکی نوێـــی پەیدا کرد و چالاکیـــی هونـــەری، ئەدەبـــی، خوێندکاری، سیاســـی، پیشـــەیی دوور لە دەســـتێوەردانی حکومەت و دامـــودەزگاکان و حزبی ئێرانی و کوردی (کە حزووری ئاشکرا و نهێنییان نەبوو) لە شاری ورمێ-وە هەتا ئیلام پەرەی ستاند.
لـــە بـــواری ئەدەبی و شـــانۆ لە ســـاڵی ١٩٧٥ بـــە دواوە لە زۆربەی شـــارەکانی کوردســـتان پێوەندیـــی نووســـەران و هونەرمەندان دوور لە چاوی ساواک و ئیدارەکانی فەرهەنگ و هونەر و ڕادیۆ تەلەڤزیۆن لە بازنەی بوونی فستیواڵ و جەشنوارە ســـەری دەگرت و کارگەلێک دەکرا، وەک فستیواڵی شانۆی ساڵی ١٩٧٥ لە مەهاباد و شـــەوی شـــیعر لە شاری ســـەقز، هەرچەند ڕێکخەری ئەو شەوە شیعرە کارمەندی ئیدارەی فەرهەنگ بوو و حەولی لکاندنی شەوەکەی بەو ئیدارە و سیســـتەمەوە دا، کە زیندەیاد جەلال مەلەکشـــا ئاگاداری ئەم فێڵە بوو، بەشـــداریی کۆڕەکەی نەکرد. هەروەها دانشسەرای هونەریی شـــار سنە کە بۆ یەکەم جار لە ئێران لەم شارە دامـــەزرا و ڕادیـــۆ تەلەڤیزیۆنی کرماشـــان کە ببووە مەکۆی نووسەران و هونەرمەندانی کورد، سەرەڕای کۆنترۆڵی تەواوی ساواک، شوێنگەلی پێوەندیـــی نووســـەران و هونەرمەنـــدان دوور لە بۆچوون و سیســـتەمی ڕژیـــم بوون، کە ئەم هێزانە ســـاڵی ١٩٧٨ لە زۆربەی شارەکان بوونە مایەی ســـازبوونی کۆڕ و کۆمەڵی ســـەربەخۆی ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری، مۆســـیقا، شانۆ و پاش ڕووخانی ڕژیم ڕێکخســـتنی فســـتیواڵ و جەشنوارە و کۆنگرەی لێکەوتەوە و هەتا کۆتاییی ســـاڵی ١٩٨١ درێژەی کێشـــا و دواتر لەگەڵ دەســـتێوەردانی حزبـــەکان و داگیرکردنەوەی شارەکان لە لایەن ڕژیم، هەڵوەشانەوە و گۆڕان و، ڕژیم کۆڕ و کۆمەڵی ژێر ســـەیتەرەی خۆی پێـــک هێنا. ئـــەم کۆڕ و کۆمەڵانە، لـــە بازنەی شارەکاندا قەتیس مانەوە و نەبوون بە ڕێکخراوی مەدەنیی خاوەن دەستوور، بەرنامە و سیستەم و ڕێکخراوی مەدەنیی کوردستانی لێ نەکەتەوە، هەرچەند حەولی بۆ درا!
پاش ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی، حزبەکان کۆڕ وکۆمەڵی ژێر سێبەری خۆیان پێک هێنا، لەوانە یەکەم کۆنگرەی نووسەران و هونەرمەندان لە شاری مەهاباد. دەستپێشخەریی ئەم کۆنگرەیە کەسانی وەک کەریم حیسامی، هێمن موکریانی لە حزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران بوون. لـــەم کۆنگرەیـــەدا زۆر کەس لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون و لە ناو هۆڵی کۆنگرە کەســـانی لایەنگـــری هەمـــوو ڕێکخراوەکانی سیاســـی و کەسانی دوور لە حزب و سیاسەت بەشـــدار بوون. ئەم کۆنگرە دەکرا ســـەرەتای پێکهێنانی ڕێکخراوی مەدەنیی ســـەربەخۆی کوردستانی، دوور لە دەستێوەردانی حزبەکان بێ، بەڵام هیچی لێ شـــین نەبـــووەوە. ڕەنگە هۆی سەرەکیی سەرنەکەوتنی ئەم کۆنگرەیە، نەبوونی تێگەیشـــتن لە ڕێکخراوی مەدەنی و تێگەیشتنی زاڵی حزبی و ئاتۆریتەی حزبەکانی

ئەوکاتـــی کوردســـتان، حزبـــی دێموکراتـــی کوردســـتانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی چریکی فەدایی و ئەوانی تر بووبێ.
بــە دەستپێشــخەریی لایەنگرانـــی کـــوردی حزبـــی توودە کە ئەنـــدام و لایەنگری حزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێرانیش بوون و بەر لــە ڕووخانی ڕژیم بۆ حزبی دێموکرات کاریان دەکرد، هەرئەوان هاوینی ساڵی١٣٥٧(١٩٧٨) بەرنامــەی حزبـــی دێموکراتی کوردســـتانی ئێرانیان بە زمانی کوردی بە کاســـێتی دەنگ بڵاو کـــردەوە، ڕێکخراوی لاوانی دێموکراتیان پێک هێنا و خۆیان سەر بە حزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێـــران دەناســـاند، کـــە پاش دوولەتبوونـــی ئەو حزبە، ئـــەم ڕێکخراوەش لە لایەن حزبی دێموکراتەوە هەڵوەشێندرایەوە و سەرلەنوێ لەژێر چەتری ئەم حزبەدا ڕێکخراوی لاوان ساز کرایەوە.
هەر لە ســـەردەمی بەر لـــە ڕووخانی ڕژیمی پەهلـــەوی، کۆمەڵێـــک لە لاوانی شـــارەکانی مەهاباد، سەقز، سنە، مەریوان، بۆکان لە ماڵان کۆ دەبوونەوە و مەیلی سازکردنی کۆمەڵەیەکی هەمەچەشـــنیان هەبوو و خۆیان وەک کۆڕ و کۆمەڵێکی هەمەلایەن نیشـــان دەدا، کە هەر کـــەس دەیتوانی بەشـــدار بـــێ. کۆبوونەوەی شـــەوانی ئەوانە و بەشـــداریی هەڵســـوڕاوانی ســـەرەکییان لە ئەنجومەنی عیلمی و ئەدەبیی ڕۆژانی هەینی لە شاری بۆکان و کۆبوونەوەکانی سیاســـی و خۆپیشـــاندانی شـــارەکانی بانـــە، سەردەشـــت، مەهابـــاد و شـــارە ئازەرییەکان، ڕەوتێکـــی دێموکراتیکی هەمەلایەنەی ناحزبی دەنوانـــد. ئەم کۆمەڵە کەســـە هەمەجۆر بوون و خۆیان لە ئەنجومـــەن و کۆمەڵێکی دیاریی مەدەنیـــدا نەدیتـــەوە و دوای ڕووخانی ڕژیم لەژێـــر ناوی «جمعیت دفاع از زحمتکشـــان»، «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان» بوونی خۆیان ڕاگەیاند و پاش شـــەڕی ســـێ مانگە حزبێکی سیاسیی چەپی لێدەرهات. ئەم ڕەوتە هەر لە سەرەتاوە نەدەکرا لە بازنەی ڕێکخراوی مەدەنیدا حیســـابیان بۆ بکـــرێ، هەروەک زۆر لەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە لە لایەن ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان بە ناوی کرێکار، جووتیار، خوێندکار، ژنان، لاوان لە کوردستان ساز کران. هەموو ئەو ڕێکخراوانە فرپان بەسەر ڕێکخراوی مەدەنییەوە نەبوو.
ســـەرجەم ئـــەو ڕێکخراوانـــەی بۆ مەســـتی هەمەجۆری هونەری، کۆمەڵایەتی، خوێندکاری ساز کران، فرپان بەسەر ڕێکخراوی مەدەنییەوە نەبـــوو. دواتر کە حزبـــەکان لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان دوور خرانـــەوە و لـــە باشـــوور نیشـــتەجێ بوون، ئەم ڕێکخراوانە ئاسەواریان لە ڕۆژهەڵات نەما، بەڵام وەک ناو و ڕێکخراوی حزبەکان تا ئێستا ماونەتەوە.
لە ســـەروبەندی ســـاڵی ١٩٧٩ و ٨٠ چەند کەســـی ســـەر بە خەتی کۆمەڵە لە مەریوان و ســـنە حەولی دەزگایەکی هونەرییان دا کە سەری نەگرت و لە چوارچێوەی حزبەکە نەترازا. ئەمە هەمان ویســـت بوو کە پارتی کرێکارانی کوردســـتان ســـاڵی ١٩٩٦ و ٩٧ لە شـــاری کۆڵنی ئاڵمان بە بەشداریی گەلێک هونەرمەند کۆنگرەی بۆ ســـاز کرد و لـــە چوارچێوەی ئەو حزبە دەرنەچوو.
ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان پـــاش دەرچوونـــی حزبـــەکان کەوتـــەوە ســـەر هەمـــان دۆخی سیستەمی شاهەنشاهی و سەرجەم ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی بە ناوی هونەر، زانست، فەرهەنگ، ئەدەبیات، ڕۆژنامەوانـــی و کاری کۆمەڵایەتی و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا ســـاز کـــران، لەژێر سەرپەرەستی و چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ڕژیمدا بوون. نووســـەری ئەو دێڕانە بەردەوام پێوەندی لە تەک هونەرمەند و نووســـەر و گۆڤارەکانی کوردیی چاپی ورمێ، ســـنە و تارانەوە هەبوو، بە نـــاوی خوازراو بابەتم بـــۆ دەناردن و چاپ دەکرا. لە پێوەندی لەگەڵ بەرپرســـانی ســـروە پێیان ڕاگەیاندم کە هەرچی بگاتە دەســـتمان، دەبێ هەڵگەڕێندرێتەوە سەر زمانی فارسی و

بدرێ بە قاتی سەرەوە. ئەوە هەمان سیاسەتە کە لە ڕادیۆکانی کوردیی ڕژێمی پەهلەوی بە چەشنێکی تر دەکرا و بابەت بە فارسی دەنووسرا و ویژەر بە کوردی دەیخوێندەوە، لەو ڕێگایەوە زمانی کوردی وێران دەکرا. کۆنترۆڵکردن لە سەرەوە لە ڕژێمی شاهی و ئیسلامی کاری دەزگای ئەمنییەتی لە بواری هونەر، نووسین، وەرگێران بوو.

لە بیست ساڵی ڕابردوودا، هەرچەند کۆنترۆڵی توندوتیژ بەسەر ڕێکخراوەکانی مەدەنی-دا هەیە، بەڵام گلۆبالیسم و بوونی ئینترنێت و تێکەڵاویی جیهانی و تێگەیشتنی چێکەرانی ڕێکخراوی مەدەنی، ئەو ئیمکانەی ڕەخساندووە، کاری مەدەنی بکرێ، هەرچەند زیندان و کوشتن و دوورخستەنە لە لایەن حکومەتەوە، بەردەوامە.

گرفتێکی ڕێکخراوی مەدەنی کە کاری گرنگ لە بواری ژینگە، فێربوونی زمان، فێربوونی مۆسیقا، وەرزش، هونەر، ئەدەبیات و فیلم و شانۆ دەکەن، بوونی تاکی لایەنگری حزبەکانە کە حزبی و ئیدئۆلۆژیک دەجووڵێنەوە و ئەم ناوەندانە دەخەنە مەترسییەوە. گەلێک هونەرمەند، شاعیر، نووسەر، ئاکادیمیسیەن و کارسازی ناوخۆی وڵات زۆر جار ئەم بابەتەیان لای نووسەری ئەم دێڕانە باس کردووە. ئەم دیاردەیە لە ڕاپەڕینی ژینا زەق و بەرچاو دەرکەوت، کە پرۆپاگەندە بۆ حزب و کەسایەتییەکانی گرنگتر لە ڕاپەڕینێکی مەدەنی خەڵک هاتە بەرچاو. تێنەگەیشتن لە خەڵک، مافی خەڵک، بوار و بارودۆخی سیاسی و بەرپرسیارەتی، ناتەبایە لە تەک تاکڕەویی و حزبایەتیی ناو ڕێکخراوی مەدەنی!

**[٥]**

ساڵی ١٩٩٤ وەک وەفدی ئاڵمانی سەردانی باکوور و باشووری کوردستانمان کرد، لە باشوور یەکیەتیی مامۆستایان، ژنان، هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان و کۆڕ و کۆمەڵی هونەری کە ئێمە لەگەڵیان دانیشتین، نەک ڕێکخراوی مەدەنی نەبوون، بەڵکوو ڕێکخراوی گرێدراو بە پارتی دیموکراتی کوردستان ، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حزبی شیوعی و ئەوانی تر بوون. ئێمە لە کوردستان ئەو ساڵە هیچ ڕێکخراوێکی مەدەنی، مێدیا، گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ناحزبی و ناحکومەتیمان بەرچاو نەکەوت. سەرجەم هونەرمەند، ڕۆژنامەنووس وماموستای فێرگە و زانستگا سەر بەم حزب و ئەو حزب بوون. ئەم دیاردەیە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ئێمە کە سەردانی کوردستانمان کردەوە، زۆر بەرچاوتر لە ساڵی ١٩٩٤ بوو.

**[٦]**

ساڵی ١٩٩٤ لە ئەستانبوڵ بووینە میوانی کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی، هەر ئەو ساڵە لە شارەکانی ئامێد، جەزیر و بۆتان تووشی کەسانێک بووین کە هەست و بوونی کوردانەیان دەردەخست. ساڵی ١٩٩٧ لە ڕێگای وەکیلێکی ناوداری کورد کە دەفتەری وەکالەتی لە نزیک مەیدانی تەقسیم هەبوو، لەگەڵ کەسانی شارەزا و لێزانی بواری چالاکیی مەدەنی و ڕێکخراوە سەربەخۆکان ئاشنا بووم. دەستەیەک لەوان لە بواری ڕۆژنامەگەری و چاپی کتێب چالاک بوون و سەردانی دەفتەرەکەیان و چاپخانەکەیانم لە شاری ئەستانبوڵ کرد.

هەر لە ڕێگای ئەوانەوە چووینە شوێنی کاری پرۆفسۆرێکی کورد کە چەشنێک ئەنستیتۆی بۆ زمانی کوردی دامەزراندبوو و ڕایگەیاندبوو لە کاتێکی دیاریکراودا کۆرسی فێربوونی زمانی کوردی دەست پێ بکات. ئەو ڕووبەڕوو بە ئێمەی گوت، گەر دەوڵەت ئیزنیش نەدات، ئەو خۆی دەست پێ دەکات. ئەو ئەنستیتۆ و ڕێکخراوانە سەربەخۆ و مەدەنی بوون.

هەر ئەو ڕۆژانە لەگەڵ لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە پێی ڕاسپاردەی پێشوو لە ئاڵمانەوە، پێوەندیم گرت و سەردانی ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی مۆسیقای کوردیم کرد. دوو کەس

لەوان لەژێر ناوی ستۆدیۆ شوێنێکیان هەبوو کە بەرهەمی مۆسیقای کوردیان بە شێوەی کاسێت و سی‌دی ئامادە دەکرد و لە مەیدانەکانی شاری ئەستانبوڵ لە زۆر شوێن دەفرۆشران و ئەو ساڵە لە زۆر شوێن گۆرانیی کوردی دەبیسترا. ناوەندی مێزۆپۆتامیا بە رواڵەت ڕێکخراوێکی مەدەنی بوو، بەڵام لایەنگرانی پارتی کرێکاران بەڕێوەیان دەبرد، لێرە تیپی هەڵپەرکێ، شانۆ، مۆسیقا چالاک بوون.

ساڵی ٢٠٠٥ چالاکیی ڕێکخراوەکانی مەدەنیی گرێدراو و سەربەخۆ نەتەنیا پەرەی ستاندبوو، بەڵکە رەسمییەتی پەیدا کردبوو. ئەو ساڵە لە شارەداریی ئامێد بینەری شانۆنامەیەک بە زمانی کوردی لە لایەن تیپی شانۆی شارداریی ئامێدەوە بووم. ئەم پرۆسەیە سالانی دواتر گەیشتە ئەو ئاستەی فستیواڵ بە بەشداریی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات بەرپا بکەن. ئەم هەنگاوەی باکوور کە ڕێکخراوی مەدەنی و کەسانی بواری جۆراوجۆر کاری هاوبەش بکەن، لە باشوور و ڕۆژهەڵاتیش دەبیندرێ و جاربەجار لە ئورووپا بیندراوە، کار و هەنگاوێکی پێویست و گرنگە و ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە کاری هاوبەش خۆش دەکات و کۆمەڵگا بەرەو وڵامدانەوە بە نیازی بوونی ڕێکخراوی مەدەنی دەکێشێ!

«ڕێکخراوی مەدەنی» لە سەد ساڵی ڕابوردوو لە کوردستان بە دەگمەن سەربەخۆ و گرێدراو لەگەڵ خەڵک و کوردستانی بووە و ئێستاش دامودەزگا و ڕێکخراوی کوردستانی بوونی نییە و ئەوەی هەیە ڕێکخراوی شار و ناوچەی بەرتەسک و سیستەمی ناکارا و نادێموکراتیک بووە. کورد چ بخوازێ و چ نەخوازێ هەم کوردستانی و هەم جیهانییە و ئەوەش ئەرکی نوێ بۆ کورد و کوردستانی دەهێنێ و تێگەیشتن لە حزب و ڕێکخراوی مەدەنی دەگرێتەوە، کە چۆن بێ و چ جێگایەکی لە کۆمەڵگادا هەبێ و تاک و کۆ چ دەورێکی تێدا بگێڕن. هەموو ئەوانەش گرێدراوی تێگەیشتنی کورد لە خۆی، لە وڵاتەکەی و دەور و ڕۆڵی لە ناوچە و جیهانە. هەتا ئەم پرسیارانە وڵام نەدرێنەوە، پرسی کورد وەک سەدەکانی ڕابوردوو دەمێنێ و ئەو ڕێکخراوانەش لە بازنەی شار و ناوچەی خۆیاندا دەخولێنەوە!

## [٧]

لە دەرەوەی وڵات بە دەستپێشخەریی عەبدولڕەحمان قاسملوو، عیسمەت شەریف وانلی و کەسانی تر ساڵی ١٩٥٦ لە شاری بەرلین یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا KSSE دامەزرێندرا. ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە، وەک باڵوێزخانەی کورد پێناسە دەکرا و کوردی هەر چوار بەشی کوردستان تێیدا چالاک بوون و لە هەمان کاتدا، وێنەیەکی تەواوعەیاری دەستێوەردانی حزب لە کاری «ڕێکخراوی مەدەنی» بوو. بە پێی ئاڵوگۆڕی سیاسیی حزبەکان و مەیلی ئەوان ئەم «ڕێکخراوەیە» ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و چەند جار تووشی لێکدابڕان هات و چەند لقی لێ بووەوە و دردۆنگیی نێوانیان زۆرتر لەوە بوو دەنگی خوێندکار و کورد لە دەرەوەی وڵات بن، جگە لە سالانی سەرەتا و چەند ساڵی نەوەدەکان.

پاش کارەساتی هەڵەبجە حزبەکانی باشوور بەرەیەکیان پێک هێنا و بە دوای ئەوەدا لقەکانی KSSE سەر بە هەر سێ حزبی شیوعی و پارتی و یەکیەتیی نیشتمانی لە پاییزی ساڵی ١٩٨٨ لە بەرلین کۆنگرەی یەکگرتنەوەیان ساز کرد. ئەم کۆنگرەیە بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی حزبەکان پێک هات و بەڕێوە چوو. لەناو کۆنگرە ئاتۆریتە و دیکتاتۆریی حزبی زاڵ بوو. ئەوان لە دەرەوەی KSSEپێک هاتبوون و کۆنگرە، دانشتنێکی ڕواڵەتی بوو بۆ بەفۆرمیکردنی یەکگرتن. کۆنگرەی یەکگرتنەوە، لەژێر ناوی یەکگرتنەوە، بوو بە کۆنگرەی هەڵوەشانەوە و بێدەنگ لەناو چوو.(وردەکاریی ئەم کارەساتەم پێشتر بڵاو

کردووەتەوە.)
پارتی کرێکارانی کوردستان نەورۆزی ساڵی ١٩٨٧ لە بازاڕی شەقامی «بەرلین»ی شاری کۆڵن دەنگی دەهۆڵ و زوڕنایان بەرز بووەوە، لەم ڕۆژە بەدواوە کەوتنە سازکردنی خۆیان گوتەنی، ڕێکخراوی خەڵکی، ئەو کارەی بەر لەوان لە ساڵانی حەفتا پارتی سۆسیالیست و دیموکراتی باکوور دەستیان پێ کردبوو وەک کۆمکار، KKDK و دواتر جەڤاتا کورد.
حەولی ئەوان ئەوە بوو دەست بەسەر ئەو ڕێکخراوانەدا بگرن کە هەبوون، وەک ڕێکخراوی مامۆستایان، ئەنستیتۆی کورد لە بۆن و ئەو ناوەندانەی بۆ مەبەستی جیاواز، گرێدراو بە حزبەکانی تر ساز کرابوون. ئەم سیاسەتە لەناوچوونی ئەو شوێنانەی لێکەوتەوە. پارتی کرێکاران بۆ کرێکار، خوێندکار، کارساز، نووسەر، فیلمساز، شانۆکار، فەرهەنگیکار، هونەرمەند، موسڵمان، عەلەوی، زازا ڕێکخراوی ساز کرد و پاش دامەزراندنی مەد تی وی ئەم ڕەوتە پەرەی ستاند و دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەی لێکەوتەوە، کە لە سەرەتا گەلێک بەشدارییان تێدا کرد. ئەم ڕەوتە لە بواری سازکردنی ڕێکخراوی دەستکردی حزب، دەستپێک و کۆتاییی جیاواز لە حزبەکانی تریان نەبوو.
پاش دامەزراندنی هەرێمی کوردستان هەڵکەندنی مرۆڤی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵات بوو بە خەسارێکی نەتەوەیی بێوێنە لە مێژووی کورددا. شارەکانی ئورووپا لەگەڵ شاڵاوی پەنابەری کورد ڕووبەڕوو بوون کە ئەمڕۆ ژمارەیان بە دوو ملیۆن مەزندە دەکرێ. حزبەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور، دوور لە بیرکردنەوە لە بوون لە دەرەوە و دوور لە پێداچوونەوە لە کۆچبەری کورد پاش شەڕی دووهەم بۆ ئورووپا، دەستیان کرد بە سازکردنی «ڕێکخراوی مەدەنی» و «حزبی»، وەک ئەوەی لە کوردستان بن. ئەوان کۆمیتەی شار و ناوچە و وڵاتیان لەناو میللەتانی ئاڵمانی، هولەندی، سوئیدی، فەرانسی، بریتانی ساز کرد. ئەوەش لاساییکردنەوەی دەقاودەقی تێگەیشتنی حزبی ئێرانی وەک ڕێکخراوی چریکە فیدایییەکانی ئێران»ئەکسەریت، ئەقەلییەت» و بەرەی شاهی و میللی و کۆمۆنیست بوو.
لە دەیەی هەشتا و نەوەد کۆڕ و کۆبوونەوە و فستیواڵی سیاسی، خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسی و مانگرتنی بەردەوامی چەند حەفتە و مانگ، ساز دەکران و یەکگرتوویییەکی کوردستانی لە زۆربەی بوارەکاندا هەبوو، کە ئەوە KSSE، کۆمکار، KKDK، ناوەندی شانۆی کۆچەر، مەدرەسەیەک بۆ کوردستان و ڕێکخراوەکانی کوردی سکاندیناوی، هولەند و شوێنی تر دەگرێتەوە. شەڕی ئێران و عێراق، هەڵەبجە، کۆچڕەوەکە، خۆپیشاندانی خوێناویی نەورۆزی ١٩٩٢ی باکوور و گەلێک کارەساتی تر، تاکی کورد و ڕێکخراوەکانی بەرەو کۆکردنەوەی پارە و شتومەک، پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پڕۆژەی تر هان دەدا، کە ئورووپییەکانیش هاوکارییان دەکرد.
لە چەند ساڵی ڕابوردوو لێرە و لەوێی شارەکانی ئورووپا چالاکیی هونەری، کۆمەڵایەتیی کاتی، دوور لە حزبەکان دەبیندرێ، کە لە بازنەی دیاریکراودا دەخولێنەوە و ئەو بەردەوامییە کە بوونی ڕێکخراوی مەدەنیَ دەگەیینێ، نابیندرێ.
بابەتی کورد لە دەرەوەی وڵات، بوارێکی گرنگە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و ئانالیزی بنەڕەتی هەیە.
حزب و «ڕێکخراوی مەدەنی» ئەو کاتە مانایان هەیە کە لەناو خەڵک و لەناو وڵات بن. حزب کە لە دەرەوەی سنووری وڵات بێت، نە دەزگایەکی نێوان خەڵک و حکومەتە، نە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات تێدەکۆشێ. بوونی حزب و دامودەزگا و ئەندامانی لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ مەنتقی بوونی حزب نە تەنیا ناتەبا، بەڵکوو لاڕێیە لە تێگەیشتنی بوونی حزب.
ئەو کەسانەش بە ناوی لایەنگر و ئەندام لە ناوخۆ و دەرەوی وڵات، لەناو «ڕێکخراوی

مەدەنی»، یان لەناو خۆپیشاندان، کوردستانی نەجووڵانەوە و هەڵڵای سەرەکیان دەرخستنی ناوی حزب و هێمای حزبی بوو، لە کاتێکدا ئامانجی ڕاپەرینی ژینا و بەشداربووان، لە درووشمەکانیاندا ڕوون و ئاشکرا بوو، زیانی گەورەیان لە ناو و دەرەوە بەو جووڵانەوەیە و خەڵکی کورد گەیاند. حزبەکان لە خۆپیشاندانی دەرەوەی وڵات ئەوەندەی ئاڵای حزب و هێمای حزبیی خۆیان هەڵدا، ئەوەندە هێما و دروشمی ڕاپەرینی ژینایان پێ نەبوو. ئەم تێگەیشتنەی لایەنگرانی حزبەکان، ئەوانی وەک تاکرەو و کەمینە لەناو خەڵکدا ناساند و لەم ڕووەوە، جیاوازیی ئەوتۆیان لە تەک تاکرەویی حزبەکانی باشوور و باکوور نییە و هێشتا ئەو حزبانە لە بازنەی بەرژەوەندیی خۆیاندا دەسووڕێنەوە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی نەبووەتە مەبەستی سەرەکیی حزبی و کاری کادر و لایەنگرانیان!

باسی تێگەیشتنی حزبەکان و ئاکاریان لە ڕاپەرینی ژینادا، لێکۆڵینەوەی تایبەت هەڵدەگرێ، بەڵام ئەوە ڕوونە حزبی کوردی وڵامی ئەم پرسیارانەیان نەداوەتەوە، کە بۆ لە دەرەوەی وڵاتن؟ بۆ «تەشکیلاتی» حزبیان لە ئورووپا دامەزراندووە؟ بۆ بە ناوی ڕێکخراوی مەدەنی، حزبایەتی دەکەن؟ بۆ تا ئێستا لەناو خەڵکی وڵاتانی ئورووپا، حکومەت و حزبی ئورووپی و مێدیا هیچ دەستکەوتێکیان نەبووە؟ ئاکام و بوونی دەیان ساڵەیان لە دەرەوەی وڵات چی بووە؟

**[٨]**

تێگەیشتنی چەوتی حزبی، مێدیاش لەخۆ دەگرێ، بە تایبەت ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن کە بە هۆی کاراییان لەناو خەڵک و دەورێکی کە لە شەڕی دووهەم بۆ حزب و حکومەتەکان بەتایبەت لە ئیتالیا و ئاڵمان و وڵاتانی تر گێڕایان، ئیزن نادرێ، حزب، ئیدئۆلۆژی، کلیسا، ئایین و زانستگا مێدیای گشتی دەنگ و ڕەنگیان هەبێ.

حزبی کوردی هەر چوارپارچە میدیایان کردووەتە حزبی کە لای ئەوان بە کارێکی ئاسایی دەزاندرێ و هەر ئەوان لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگای کوردستانیان دابەش کردووە. لە باشوور لە ڕێگای مێدیای حزبی، ئیسلامی و دەوڵەتی کۆمەڵگای کورد دووچاری گێژاوی خۆناسین و خۆدیتنەوە هاتووە و وێرانیی کەسایەتیی کۆمەڵگای لەبەر یەک ترازاندووە.

مێدیای کورد جار هەیە بووەتە بڵیندگۆی سیاسەت و ویستی دەوڵەتان و جار ئەوان بڕیاردەر بوون. دەرهێنەرێکی باشوور ساڵی ٩٧/١٩٩٦ لەگەڵ تیپی شانۆ، شانۆنامەیەک لە دوو پەردە ئامادە دەکات کە ناوەرۆکی سیاسی هەبووە و باسەکە لەسەر داگیرکاریی چوار ڕژیمی ئێران و عێراق و سوریا و تورکیا بووە. لە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕاستەوخۆ، عەبدوڵا ئوجەلان لە سوریاوە تەلەفوون دەکات و شانۆکە ڕادەگیرێ، ئەوەش بە پێی نارازیبوونی بەرپرسێکی ئێرانی، کە ئەوکاتە میوانی بووە. ئەم وێنانە بۆیە باس دەکرێن، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی حزبی کورد لە ڕێکخراوی مەدەنی و مێدیا دەرکەوێ.

سەردەمێک کورد بە هەموو شێوە لە مێدیای ئورووپا بە تایبەت ئاڵمان، بۆ باسی مەسەلەی کورد، دیار بوون. لە سی ساڵی ڕابوردوو کە حزبەکان لە ئورووپا بوونەتە خاوەنی بە ناو ڕێکخراوی مەدەنی و مێدیا، دەنگی کورد لە مێدیای وڵاتان نابیسترێ ، هەرچەند کوردی ژۆرنالیست و پسپۆڕ لە مێدیای ئورووپی و دامودەزگای سیاسی، دەوڵەتی، هونەری و زانستی وڵاتانی ئورووپا کار دەکەن، کە ئەمە پێوەندی بە کەسایەتیی مرۆڤی کوردەوە هەیە و جێگای بیرلێکردنەوەیە.

**[٩]**

ئەگەر سەیری گەشەی ڕێکخراوی مەدەنی پاش کۆتاییی شەڕی دووهەمی جیهانی لە

ئورووپا بکەین، هەم ســـەربەخۆیی ڕێکخراوی مەدەنی، هەم چەشنی نوێی ڕێکخراوی مەدەنی دەبینیـــن، کە ئازاد و دێموکڕاتیک و خەڵکیتر لە شێوەی کلاســـیک دەنوێنن. نووسەری ئەم دێرانە ئەندامی « یەکیەتیی شانۆپێداگۆگەکانی ئاڵمان»، «ناوندەی لێکۆڵینەوە و ئارشیوی کورد»، «یەکیەتیـــی خوێندکارانی کـــورد لە ئورووپا»، «ناوەندی شـــانۆی کۆچـــەر»، «فێرگەیەک بۆ کوردســـتان» و هاوکاری «فستیواڵی جیهانیی شانۆی منداڵان»، « فســـتیواڵی جیهانیی فیلم ئاڵمـــان»، « ڕێکخراوی مێزی خڕ»، ڕێکخراوی کارگای نووسەران، شاعیران و هونەرمەندان»، «ڕێکخراوی خوێندنەوەی کتێب» و کۆمەڵێک ڕێکخـــراوی مەدەنیی کـــورد و ئاڵمان بووم و دەتوانم بڵێم ســـەرەڕای چەند چەشـــنیبوونی ڕێکخراوەکان(ســـەربەخۆ بە پاڵپشـــتی ماڵیی دەوڵەت، ســـەربەخۆ بە پاڵپشتی ماڵیی حزب- دەوڵەت، ســـەربەخۆ بە پاڵپشتی ماڵیی بانک، گرێـــدراوی تەواو حزبی، تەواو ســـەربەخۆ) لە هەموویانـــدا گرفتـــی هەمەجۆری ئینســـانی، ماڵی، کاری، سیاســـی، پیشەیی، بەڕێوەبردن، خۆویستی و... هەبووە و هەیە!

ئـــەوەی ئەمـــڕۆ زۆرتر گەشـــە دەکات، فۆڕمی دێموکراتتـــری ڕێکخـــراوی مەدەنییـــە، کـــە گرێـــدراو نییـــە و لە کۆی کەســـان بۆ کاری ئەدەبی، هونـــەری، کۆمەڵایەتی، ژینگە، لاوان، ژنـــان، منداڵان و کاری فێـــرکاری و خزمەتی گەڕەک، گوند و شـــار پێک دێت. لەم گشـــت کەسییەدا، ئەندامبوون شەرت نییە، هەڵبژاردن بە شێوەی کلاســـیک نییە، حەقی ئەندامەتی نییە و یارمەتیدان دڵخوازە. کاری چەند ســـاڵی دواییی مـــن لەو چەشـــنە ڕێکخراوانە، ئەوەی دەرخســـت کـــە بنەمای دروســـت بـــۆ کاری مەدەنی، ئازادیی هەمە لایەنی بەشـــدارابووانە، دوور لە هەر چەشنە ئاتۆریتە، هەرچەند لێرەش خوو و تایبەتمەندیی کەسان کە ڕەنگدانەوەی «سیســـتەمی کۆمەڵگا» و کاردانـــەوەی ئایین، بنەماڵە، سیستەمی سیاسی، فێرگە، شوێنی کار و ژیانە، کارتێکەریی لەسەر کاری گشتی دەبێ

فۆڕمێکی تـــری کاری هاوبەش و ڕێکخراوی مەدەنی لە هێندێک گوند و شـــاری گچکەی ئورووپـــا هەیە کـــە هەموو خەڵکـــی گوند و گەڕەکەکانـــی شـــار تێیـــدا بەشـــدار دەبن و هەڵبژاردن دوور لە ناونووســـکردنی کەســـی دڵخوازە. لەم شێوەدا هەر کەس و هەموو کەس دڵخواز ئامادەی کار بۆ گەڕەک، گوند و شـــارە و هەر کەس و هەموو کەس دوور لە ئاگابوونی خـــۆی هەڵدەبژێـــردرێ و لەم سیســـتەمەدا هەڵبژێردراون بۆ ڕاپەڕینی ئەو کارانەی خۆیان شـــارەزاییان لێی نییە، لە کەسانی شارەزا و پســـپۆڕ دەگێڕنەوە. کاری پسپۆڕان لە بەرانبەر حەقدەست ئەنجام دەدرێ.

تێگەیشتنی نوێ لە ڕێکخراوی مەدەنی و ئەرک و دەوری لـــە کۆمەڵگای پڕ لە گۆڕانە خێراکان پێویســـتە ، کە ســـەرجەم دنیـــای داگرتووە و ئەم ترســـە هەیـــە کە کۆمەڵگا لـــە ڕێگای «لێهاتووی دەستکرد- KI-AI» و پەرەستاندنی دەسەڵاتی هەرچی زۆرتری کۆنسێرنەکان، ئەم دێموکراســـییە ڕواڵەتییەی ئەمڕۆ، کەمڕەنگتر بکرێ و ئاتۆریتەی کۆنســـێرن و ماشـــێن زاڵ بکرێ و دەوڵەت و پارلەمان بکەوێتە دەســـت کۆنسێرنەکان، کە هەر ئێستاش زۆرترین دەوری سیاسیی شاراوە و ئاشکرا دەگێڕن. ڕێکخراوی مەدەنی لەم بەســـتێنەدا ئەگـــەر نەکەونە ژێر ســـەیتەرەی لایەنەکانی جیهانـــی و ناوچەیی، دەتوانـــن پارێزەری مافی هەمەلایەنی مرۆڤ و ژینگە و دێموکراسی بن! وێنەی جیهانیی ئەو چەشـــنە لە ڕێکخراوی مەدەنی لە دە ســـاڵی ڕابوردوودا پەری ســـتاندووە و کاریگەریشیان هەبووە! کـــورد زۆرتر لـــە هـــەر نەتەوەیەک پێویستی بە ڕێکخراوی مەدەنیی کوردستانی و جیهانیی خۆی هەیە. ئەوە پەیامی ئەم سەدەیە بۆ ئێمەی کوردە، گەر ڕزگاریی مەبەســـت بێ، ئەوەش بەر لـــە هەر کەس ئەرکی جیلی نوێ بە تایبەت ژنان و لاوانە، کە هێزی ســـەرەکیی گۆڕان لە جیهانی ئەمڕۆن!

